وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی بازرگانی

# پەیڕەوی ناوخۆی

# نووسینگەی ڕاوێژکاری بازرگای

# پەیڕەوی ناوخۆی نووسینگەی ڕاوێژکاری بازرگانی

## ماددەی یەکەم: ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناکەی بەرامبەریان دەبەخشن

**-هەرێم : هەرێمی کوردستان**

**-زانکۆ: زانکۆی سلێمانی**

**- ڕاگر : ڕاگری کۆلێجی بازرگان**

**-نووسینگە : نووسینگەی ڕاوێژکاری بازرگانی**

**سەرۆك: سەرۆکی نووسینگە**

**بەڕێوەبەر : بەڕێوەبەری نووسینگە**

## ماددەی دووەم: ناوو پێناسەی نووسینگە

نووسینگەی ڕاوێژکاری بازرگانی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی زانستی – ئەکادیمیە سەر بە کۆلێجی بازرگانی زانکۆی سلێمانیە وە لە ڕووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە ڕاگرایەتی کۆلێجەوە ، کارو چالاکیەکانی لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە زانستی ویاسا و بابەتیەکان ئەنجام دەدات.

## ماددەی سێیەم: ئامانجەکانی نووسینگە

1- هاندان وگەشە پێدانی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەو بوارانەدا کە کۆلێج تیایدا تایبەتمەندە .

2- هۆشیار کردنەوەو پێدانی زانیاری دروست و زانستی نوێی سەردەم بە تاکی کورد لەو بوارانەی کە نووسینگە لە خۆی گرتوون لە پێناو بەرزکردنەوەو پەرەپێدانی تواناکان.

3- دەستنیشان کردن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو دیاردەو کێشەو گرفتە ئابووری و کارگێڕی بازرگانیەکان لە کەرتی گشتی و تایبەتدا.

4- هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە بڕیارە بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، وە دەرخستنی لایەنی باشی و خراپیان بە پێی پێوەرە زانستیەکان .

5- پێشکەش کردنی هاوکاری زانستی بە مامۆستایان و خوێندکاران بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکانیان و پێشخستنیان.

## ماددەی چوارەم: ئەرك وچالاکیەکان

1- پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری ڕاوێژو شیکردنەوە وئامادەکردنی ڕاپۆرتی زانستی وئەنجامدانی ڕوپێوی بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لە ناوەو دەرەوەی هەرێم لەسەر خواستی ئەو لایەنانە.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی کەڵکی ئابووری ( دراسات الجدوى الاقتصادیە) بۆ پرۆژەکانی کەرتی گشتی و تایبەت.

3- کردنەوەی خولی ڕاهێنان ، ۆرك شۆپ و سیمیناری زانستی تایبەت بە بوارەکانی کاری نووسینگە بۆ خوازیاران و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی وتایبەت.

4- دەرکردنی بڵاوکراوەو سازدانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بەمەبەستی ڕێنمایی کردنی تاك و کۆمەڵگە لە کاتی دروست بوونی کێشەیەك یان سەرهەڵدانی دیاردەیەك کە تایبەت بێت بە بوارەکانی کاری نوسینگە.

5- ئاڵو گۆڕکردنی ئەزموون و شارەزایی و تواناکان لەگەڵ ناوەندە هاوشێوەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

6- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی زانستی لەسەر بودجەی گشتی و باری ئابووری هەرێم و هەڵسەنگاندنی تەواوی جومگەکانی پێدانی پێشنیاری دروست لەبارەیانەوە.

7- هەر کارێکی تری زانستی کە پەیوەست بێت وە بە گرنگ بزانرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نووسینگە

## ماددەی پێنجەم: پێکهاتەی نووسینگە

لەڕووی پێکهاتەوە ئەم نووسینگەیە دابەش دەبێت بەسەر سێ دەستەی سەرەکیدا کە ئەوانیش بریتین لە:

**أ- دەستەی زانستی نووسینگە :**

-لە لایەن ئەنجوومەنی بەشەکانەوە و بەپێی ژمارەی بەشە زانستیەکانی کۆلێج ئەندامانی دەستەی زانستی نووسینگە دیاری دەکرێت (جگە لە سەرۆك) لە پسپۆری جیاوازدا (بەمەرجێك لەو بەشانە بن کە کاری ڕاوێژکاری

تیادا ئەنجام دەدرێت) ودوای ڕەزامەندی ڕاگرو پەسەندکردنی سەرۆکی زانکۆ دەبنە ئەندامانی نووسینگەو لەنێو خۆیاندا بەڕێوەبەر هەڵدەبژێرن.

– ئەندامانی نووسینگەی ڕاوێژکاری لە هەر پسپۆریەك لەڕێگەی تیمەکان کارەکانی نووسینگە بە مامۆستایانی بەش ڕادەسپێرن بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی بەشی پەیوەندیدار.

– ئەگەر هەر مامۆستایەك پرۆژەیەك لە پسپۆری خۆی پێشکەش بە نووسینگەی ڕوێژکاری بکات دەبێت مافی دارایی و زانستی لە پرۆژەکەدا پارێزراو بێت.

– دەبێت لەهەر بەشێکی زانستی کەکاری ڕوێژکاری ئەنجام دەدەن کارەکانی بە شێوەی تیم بێت وە دەکرێت مامۆستایانی بەشەکانی تر بەشدار بن لەم تیمانە بە پێی پسپۆری.

**ب– دەستەی بەڕێوەبردنی نووسینگە :**

1– سەرۆکی نووسینگە: کە ڕاگری کۆلێج ڕادەسپێردرێت بەو کارە

2– بەڕێوەبەری نووسینگە: لە لایەن ئەندامانی نووسینگەوە هەڵدەبژێردرێت بەڕەزامەندی ڕاگری کۆلێج پەسەندکردنی سەرۆکی زانکۆ.

3– فەرمانبەرانی نووسینگە: پێك دێت لە(ژمێریار،ووردبین، یاسایی ،کارگێڕی، خزمەتگوزاری) وە بەپێی پێویستی و بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی نووسینگە ئەو ژمارە پسپۆریانە لە فەرمانبەرانی کارگێڕی کە پێویستن دەست بەکار بوونیان لە لایەن سەرۆکی نووسینگەوە بۆ دەکرێت.

**ج- دەستەی ڕاوێژکاری :**

پێك دێت لە سەرۆك و بەڕێوەبەرو ئەندامانی دەستەی زانستی نووسینگە

## ماددەی شەشەم: ئەرك و دەسەڵاتی سەرۆکی نووسینگە

1– نوێنەرایەتیکردنی نووسینگە لە هەر چالاکیەکی تایبەت بەو بوارانەی کە نووسینگە کاری لەسەر دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

2– پەسەند کردنی بڕیارەکانی دەستەی ڕاوێژکاری.

3– ڕاستاندنی ڕاپۆرت ولێکۆڵینەوەو کارو چالاکیەکانی نووسینگە.

4– دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی دەست بەکاربوونی فەرمانبەرانی نووسینگە.

5– دەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردنی گرێبەست وریکەوتنەکان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ.

6- دەرکردنی فەرمانی دابەشکردنی داهاتی نووسینگە بە پێی ڕێماییەکان.

7- پاداشت کردنی کارمەندانی نووسینگە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ

## ماددەی حەوتەم: ئەرك ودەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری نووسینگە

1- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی ڕاوێژکاری.

2- سەرپەرشتیکردن وڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەرانی نووسینگە.

3- بەدواداچوون و ڕێکخستنی کاروبارو چالاکیەکانی نووسینگە.

4- بەرزکردنەوەی پێشنیازو ڕاسپاردە بۆ سەرۆکی زانکۆ.

5- واژۆکردن لەسەر نووسراوو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە و چالاکیەکانی نووسینگە.

6- ئامادەکردنی ڕپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە چالاکیەکان و کارەکانی نووسینگە و ڕاپۆرتی کۆتایی ژمێریاری ساڵانەو بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکی نووسینگە بەمەبەستی پەسەندکردنی دوای ڕەزامەندی دەستەی ڕاوێژکاری.

7- ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕی و زانستی نووسینگە.

8- سپاردنی کارو چالاکی بە ئەندامانی نووسینگە.

## ماددەی هەشتەم: ئەرك ودەسەڵاتەکانی دەستەی ڕاوێژکاری

1- دانانی پلانی ساڵانەی نووسینگە بە پێی تواناکان.

2- پێشنیاز لەسەر دروستکردنی پەیوەندی هاریکاری لە نێوان نووسینگەو ناوەندە هاوشێوەکان لە ناوەو دەرەوەوی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم.

3- کەمکردنەوەی کرێی کارەکان یان بێ بەرامبەر لە ئەنجامدانی کارەکان بۆ ئەو لایەن وکەسایەتی دام ودەزگا حکومیانەی هەرێم و ڕێکخراوە خێرخوازیانەی کە بۆ بەرژەوەندی گشتی کار دەکەن.

## مادەی نۆیەم: دەسەڵاتی دارایی و دابەشکردنی داهاتی نووسینگە

1- نووسینگە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆو حسابی بانکی تایبەت بە خۆی دەبێت.

2- یەکەی ژمێریاری نووسینگە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری داراییدا دەبێت.

3- به پێی یاسای ژماره (23)ی (2008) ماددەی (16) خاڵی یەکەم بڕی 80٪ ی داهاتی گشتی تەرخان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ- هەموو کرێی مامۆستاو فەرمانبەران لە خۆ دەگرێت.

ب- لە داهاتی کارەکانی نووسینگەی ڕاوێژکاری وەکو دیزاین و ڕاپۆرتی ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری ولێکۆڵینەوە و ووردبینی و ............. هتد ( 80 ٪) ی داهات دەدرێتە ئامارەکان بەمەرجێك هەموو تێچوونەکان لەخۆ بگرێت.

ت- هەموو ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ نووسینگەکان و لایەنەکانی ناوەو دەرەوەی زانکۆو کەرتی تایبەت ئەنجام دەدرێت بەڕەچاوکردنی خاڵەکانی (1،2،3) یش نابێت (8٪) ی داهات زیاتر بێت.

## ماددەی دەیەم: تۆمارو ئەرشیفەکان

نووسینگە ئەم ئەرشیفانەی لای خوارەوەی دەبێت:

1- تۆماری هاتوو دەرچوو.

2- پسوڵەی (37أ)

3- لێنووسی تۆماری میزانیە.

4- لێنووسی تۆماری ڕۆژانە (یومی).

5- لێنووسی خەرجی ( مستند مصرف) و لێنووسی وەرگرتن ( مستند قبچ).

6- تۆماری پرۆژە و بەرنامەکان.

7- تۆماری ئەرشیف.

8- تۆماری مستند قید

## ماددەی یازدەیەم: ڕێنماییە گشتیەکان

1- ماوەی کارکردنی سەرۆکی نووسینگە بەردەوام بە ڕاگر دەسپێردرێت تا ئەو کاتەی ئەرکی پۆستی ڕاگری نامێنێت.

2- ماوەی کارکردنی بەڕێوەبەرو ئەندامان و فەرمانبەرانی نووسینگە دوو ساڵ دەبێت وە دەکرێت لەکاتی پێویست بۆ یەك جار ماوەکە درێژ بکرێتەوە بە پێشنیازی دەستەی ڕاوێژکاری و پەسەند کردنی لە لایەن سەرۆکی زانکۆوە.

3- لەکاتی ئامادەو نەبوونی سەرۆك لەبەر هەر هۆکارێك بەڕێوەبەر هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی کارەکانی.

4- مامۆستایانی بەشدار بوو دەکرێت لەکاتی دەوامی ئاسایی کارەکانی نووسینگە ئەنجام بدەن بە مەرجێك کارنەکاتە سەر پرۆسەی خوێندن.

5- فەرمانبەرانی نووسینگە لەدوای دەوامی فەرمیەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

6- دەستەی ڕاوێژکاری نووسینگە مانگانە جارێك کۆدەبنەوە ، وە سەرۆك یان نیوە کۆیەکی ئەندامانی بۆیان هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن.

7- بڕیارەکان لە نووسینگە بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بوانی دەستەی ڕاوێژکاری دەردەکرێت لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان دەنگی ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە سەرۆك (بەڕێوەبەر لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك) دەنگی لە گەڵدا داوە.

بە پشت بەستن بە فەرمانی وزاری ژمارە (2218) لە ڕێکەوتی (2013/12/30) بە نووسراوی سەرۆکایەتی زانکۆ ژمارە (1539/3/7) لە ڕێکەوتی (2014/2/6) تایبەت بە دامەزراندنی نووسینگە ڕاوێژکاریەکان و هەیکەلی نووسینگەو دەسەڵاتی دەستەی دەستەی ڕاوێژکاری نووسینگەکان کۆلێجمان پێشنیازی کردنەوەی نووسینگەی ڕاوێژکاری دەکات وەك ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی زانستی وئەکادیمی پسپۆر لە بوارەکانی زانستی بازرگانی بە ڕەچاوکردنی پێوەرە زانستی و یاسایی و بابەتیەکان و بەسەرپەرشتی ڕاگرایەتی کۆلێجی بازرگانی وە بە ئامانجی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی تایبەت لە بوارەکانی ئابووری ، گەشت وگوزار ، ژمێریاری ، ووردبینی ، دارایی ، بانك ، ئامار ، کۆمپیوتەر ، تەکنەلۆجیای زانیاری، پلاندانان یان هەر بوارێکی دیکەی زانستی بازرگانی بۆ داواکارو خوازیاران هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.